# تایبەتمەندیی دایناسۆرەکان

چەشنێک لە دەیان چەشنە دایناسۆرەکان یەکجار زۆر مەزن و بە قەڵافەت و بەتوانا بوون. نموونە و سەرتۆپی دایناسۆرە مەزنەکان ئەمانەن:
ئارژەنتیۆساوروس ـ ئولتراساوروس ـ براکیۆساوروس ـ سوپەرساوروس.

1 ـ ئارژەنتینۆساوروس Argentinosaurus



2ـ ئولتراساوروس



3 ـ براكيۆساوروس Brachiosaurus



4 ـ سوپەرساوروس Supersaurus




دایناسۆرە مەزنەکان زیاتر لە 100 پێ(30 مەتر) و زێدە لە 50 پێ(15 مەتر) بەرزایی بەژنیان بووە.

لە ناو داینا سۆرەکاندا، ساورۆپۆد Sauropod، مەزنترینی گیانداری گیاخۆری سەرزەوی بووە کە هەتا ئێستا ناسراوە.



ساورۆپۆد

بچوکترینی دایناسۆری تا ئێستا ناسراو، دایناسۆرێک بووە بە ناوی (کۆمپزۆگناسوس Comsognathus) کە قەڵافەت و قەبارەکەی ڕاست بە قەدرایە جووجەڵە مریشکێک بووە.



کۆمپسۆگناسوس

## زێدە زانیاری دەربارەی دایناسۆرەکان :

سەبارەت بە دەنگ و ڕەنگ و شێوەی هەڵس و کەوت و چەشنی جووت بوونی نێر و مێینەکانیان ، کەس پێ نازانێت. هەروەها ناسینەوەی نێر و مێینەکانیان لە ڕێی فۆسیلەکانیانەوە گەلێک سەخت و دژوارە.
لە ماوەی چەندین ملیۆن ساڵێکی کە دایناسۆرەکان تێیدا ژیاون، لە هەر دەور و دەوران و سەردەمێک دا و بەپێی چۆنیەتیی ئاو و هەوای سەر گۆی زەوی، چەشنە دایناسۆرێک بە تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیانەوە گەشەیان کردووە و بوونی خۆیان بە دنیای سەردەم سەلماندووە. بۆ وێنە لە سەردەمانێک دا چەشنە دایناسۆرێک هاتۆنەتە سەر زەوی، کە لە سەر دوو قاچان ڕۆیشتون. لە دەورەیەکی تر دا چەشنێکی تر، کە لە سەر چوارپەلان ڕۆیشتوون، ژیاون. لە دەمێکی تردا هەندە دایناسۆرێک گەشەیان کردووە کە توانیویانە هەم لەسەر دوو قاچان بڕۆن و هەمیش هەر چوار قاچیان بەکار بێنن. هەندە دایناسۆری خێرا ڕۆیشتووە و چەندێکی تر هێور و هێدی جوڵاوەتەوە.
بۆ وێنە چەشنی (ڤەلۆسیراپتۆرVelociraptor)خێراترین دایناسۆر بووە لە هەڵاتن دا



ڤەلۆسیراپتۆر

و چەشنی (ئانکایلۆساوروس Ankylosaurus ) هێورترینی دایناسۆر بووە لەباری ڕاکردن و ڕەوت و ڕۆ دا.



ئانکایلۆساوروس

پێستی لەشی چەشنە دایناسۆرێک ئەستور، گرێ گرێ، پوڵەکەدار ، زرێ دار و چەشنێکیان لووس و بێ گرێ و گۆڵ بووە.
هەندێکیان شاخدار و چەشنێکیان بێ شاخ بوون و...



چەشنی زرێ دار و پوڵەکەدار



چەشنی پێست لووس و بێ گرێ



چەشنی تیغەدار



چەشنی گرێ گرێ

لەباری خواردنیانەوە دەبێ بڵێین کە زۆربەی هەرە زۆری دایناسۆرەکان شینکەخۆر بوون و هەندێکیشیان گوشتخۆر بوونە.



چەشنی گیاخۆرەکان



چەشنی گۆشتخۆرەکان

## ڕادەی فام و پلەی بەهرەی هۆشی دایناسۆرەکان :

دەیان و سەدان چەشنە دایناسۆری هەتا ئێستا ناسراو، لەباری چۆنیەتیی پێکهاتەی ئەندامەکانیان و شیوەی ژیان و خورد و خۆراک و تایبەتمەندیەکانی تریانەوە، بە سەر چەند بنەماڵەدا دابەش کراون. ماڵبات و تیرە و تایفەکان لە باری هۆش و فام و بەهرەی هۆشیانەوە یەکسان نەبوونە. هەندە بەرەیەک زۆر بەهۆش، هەندێکیان مام ناوەنەی و ژمارەیەکیان یەکجار کەم هۆش بوونە. بیۆلۆژیستەکان بۆ نیشاندانی پلەی فام و بەهرەی هۆشی بنەماڵەی دایناسۆرەکان، خشتەیەکیان ئامادە کردووە کە میزانی ڕادەی هۆشی هەر بنەماڵەیەکی تێدایە. لە خوێندنەوەی بیوگرافیای دایناسۆرەکان دا، بۆ ئەوەی بزانرێت کێهەیان چەندە بەهۆش بووە و دەرەجەی فامی لە چ ڕادەیەک دا بووە، هەر ئەوەندە بەسە سەیرێکی ڕادەی فامی سەرۆکی ئەو عێڵ و عەشیرەتە بکەیت لە خشتەکە دا، جا ئەودەم دێتە دەستت کە ڕادەی فامی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە چەندە بووە .

بەهرەی هۆش EQ :

لە پەیوەندیی ڕێژەی مێشکی گیاندار و قورسایی لەشی ئەو، پلەی بەهرەی هۆشی گیاندارەکە مەزەندە دەکرێت.

